وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە دەکاتەوە



وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەبارەی ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە دەڵێت:

"کارەساتی هەڵەبجە، دیمەنێکی تاڵی پۆلێکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە لەبواری مافەکانی مرۆڤدا".

ناسر کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس نووسیوویەتی: "لەم ڕۆژەدا لە چەند چرکەیەکدا بەیار لەسەر چارەنووسی شارێک درا و زیاتر لە 10 هەزار کەس گیانیانلەدەستدا و دەیان هەزار کەس بەهۆی هەمژینی گازی قەدەغەکراوی ژەهراوییەوە بریندار بوون".

کەنعانی دەڵێت، "هەرگیز ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەمان لەیاد ناچێت، کە تیایدا خەڵکی هەڵەبجە و شارە هاوسنوورەکانی ئێران بوونە قوربانیی ئەو جۆرە چەکە و پێشوازیمان لە ئەزگاربووان و بریندارەکانی ئەو کارەساتە مەژوویی کرد".

ئاماژەی بەوەشکردووە، یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە زیاتر ئازاربەخش دەبێت کاتێک ئەوەمان بیردێتەوە کە ڕژێمی بەعسی عێراق توانی بە هاوکاریی هەندێک لە وڵاتی ئەوروپا، چەکی کیمیایی و گازی کۆمەکوژ بەرهەمبهێنێت، ئێگەرچی قەدەغەبوو ئەو جۆرە چەکە نامرۆڤانەیە بەکاربهێنرێت، هەروەها چەندینجار لە دژی سوپای ئێران و پاشان بە سزادانی خەڵک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق بەکارهێنرا.

ناسر کەنعانی وتیشی: "ئەوەی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و سەردەشتی زیاتر ئازاربەخشکرد، هەوەستی ترسنەکانە و گوماناویانەی هەندێک وەاتانی ڕەژئاوابوو کە پشتیوانیی ڕژێمی سەدامیان دەکرد بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە".